# ئێران یەكەم قازانج بەری هێرشی توركیا وهاندەری ئەو وڵاتە

رەسوڵ سەفەریانی



لە هەشتاكانەوە پ ك ك گەرویێكە كە هاواری گەلێكی لە حاڵی خنكاندا دەردەبڕێ، گەلێك كە پەنجەی فاشیستانی تورك هەوڵی خنكانی ئەدات. گەریلای پ ك ك تەنیا كاناڵی دەربڕینی دەنگی خنكاوی كوردی بەتورك كراو و داپۆشراوی ژێر خۆڵی قۆندەرەی جنراڵە توركەكانە و بۆ بووژاننەوەی گڕی كوژاوەی نەتەوەیی گەلێك، لەخۆ بووردوانە چەكی رزگارییان لە شان كرد و بەرەنگاری دڕندەترین ئەرتەش و فاشیستترین رژیمی ناوچەكە یانی توركییە بوونەوە . لەورۆژەوە بوونە كۆسپێك لەبەردەم پلانە دژە ئینسانی و قڕە كوردییەكانی كەمالیەكان. لەو دەمانەوە تا ئێستا توركەكان هەمو ساڵێ چەندین جار بۆ سەركوت و لەناو بردنی گەریلاكانی پ ك ك ئۆپەراسیونی گەورە و بەرفراوانیان ئەنجام داوە و هەمو جارێكیش بە ڕەزامەندی دەوڵەتانی ئێران و عێراق یا بەبێ ڕەزامەندی ئەوانیش بە مەبەستی تەفر و تونا كردنی بارگا و بنكەكانی پ ك ك و لە ناوبردنی ئەو پارتە تا بەشێكی زۆر لە خاكی بەشەكانی تری كوردستانیشی داوەتە بەر پەلاماری عەسكەری و بوردمانكردن.لە كۆتایی نەوەدەكاندا بۆ دەست هەڵگرتنی سوریا لە یارمەتیدانی پ ك ك هەڕەشەی هێرشی عەسكەری لەسوریا كرد و لە ئاكامیشدا ئەوە بوو بە یارمەتی سیا و موساد رێبەری ئەو پارتە یانی عەبدوڵڵە ئوجەلان گیرا و بەشیكیش لە ئەندامانیان لەسەر خواستی رێبەرەكەیان خۆیان تەسلیمی توركەكان كرد و لە لایەن ئامریكاشەوە بۆ پشتیوانیكردن لە توركیە و وەك یارمەتیێك پ ك ك خرایە نێو لیستی تروریستەكانەوە. بەڵام ئەم هەوڵانەش نەزۆك بوون وبۆیان نەكرا كە پ ك ك بنەبڕ بكەن، چون رەگی ئەو حزبە لە دڵی میلەتەكەیدایە و رێگا چارەكەیشی دەبێ هەر لای ئەوان بێت و ناكرێ لەدەرەوەی وڵاتەكەیاندا بەدوایدا بگەڕێن. تا هەل و مەرجی ژیانی كورد وەها بێت ئاگری شۆڕش و تەقەی تفەنگی بەرخۆدان بەرزە و نانوێت.ئەگەر "پ ك ك"ش نەمێنێت ،زەحت و زۆرە بێ سنورەكان ئازادیخوازانی ئەو گەلە هاندەدات بۆ پێكهێنانی حزبێكیتر و بەرخۆدانێكیتر. ئەمە شتێكە كە توركەكان خۆشیان بە باشی دەیزانن .بەڵام ئەیبۆچی ئەمڕۆكە وەها بەگەرمە و بەتاو بڕیاری هێرش بۆ سەر كوردستان دەدەن بە بیانوی لەناو بردنی پ ك ك ؟

ئەمڕۆ كەش و هەوای نێو خۆی وڵاتی توركیە لە هەمیشە ئاڵۆزترە.بەهۆی هاتنە سەركاری ئیسلامیەكانەوە و دژایەتی كردنی لائیكەكان و جنرالەكانی میراتبەری كەماڵی باوكیان ،چەند بەرەكی و ئاڵۆزیێكی سیاسی قورس وڵاتی داگرتوە .زۆر جار باس لەوەدەكرا كە جنرالەكان بۆ وەلانانی ئیسلامییەكان و بەرگرتن بە پلانەكانی ئەوان بۆ گۆڕانی قانون و دەستبردنە نێو دەستوری ئەو وڵاتەوە ، بێنە مەیدان و كونترۆڵی سیاسی وڵات بگرنە دەست.بۆیە ئیسلامییەكان بە دارشتنی پلانێك باسی هێرش بۆ كوردستانیان بە بیانوی لەناوبردنی پ ك ك كێشایە پارلمان و بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری ئەوەیان دەركرد كە ئەرتەشی تورك بۆی هەیە هێرش بكاتە سەر كوردستان.ئیسلامییەكان بەم كارەیان بەتیرێك چەند نیشانەیان پێكاوە.

1- بەم شێوە بە ئەرتەش و باقی ئەحزابی فاشیستی ئەو ولاتەیان سەلماند كە ئێمەی ئیسلامیش لە هەمبەر كورد و كێشەكانی هاوسەنگ ،نەك هەر وەك ئێوە بیر دەكەینەوە بەڵكو چەن قاتیش دڕندانەتر لە ئێوەین. ئەمەش وەك گارانتیێك درا بە چنراڵەكان بۆ ئەوەی بیری دەستێوەردان لە كاروباریاندا و دژایەتی كردن لەگەڵیاندا لە مێشكیان دەر بێنن.

2 ـ بە هێرش كردنە سەر كوردستان ،نائەمنی و شەڕیش دەخەنە تەنیا پارچەی ئەمنی عیراق و بەم كارەشیان هەم بە شێوەیەك تۆڵەی ئەوە لە ئامریكا دەكەنەوە كە ئیزنی دەستێوەردانی فەرمی بۆ نێو

کوردستانی باشوری پێنەدان و هەمیش ئەو تۆزقاڵە ئەمنیەتەو نیوچە حکومەتەی کوردستانیش تێک دەدەن و رۆچنی هیوای کورد دەبەستن .

3 ـ بە ئاڵۆز کردنی کوردستانیش دەبێ بەشێکی زۆر لە هێزەکانی ئامریکایی و هاوپەیمانانی نێو عێراق یا بکێشرێنە نێو شەڕەکە، کە لەم حاڵەتەدا پلانەکانی ئامریکا بۆ ڕوبەڕو بونەوە لەگەڵ ئێران لە وەها هەل و مەرجێکی پێشبینی نەکراودا یا دەبێ وەدوا خرێت یا بە تەواوی چاوپۆشی لێکرێت.ئەگەرێش هێزەکانی هاوپەیمانان و بە تایبەت ئامریکییەکان خۆ بپارێزن لە بەرەنگار بونەوە لەگەل تورک بە بیانوی ئەوەی کە تورکیش یەکێک لە ئەندامانی ناتۆیە و ناکری شەڕی لەگەڵ بکرێت،ئەوە لە وەها حاڵەتێکیشدا هەر نائەمنی و شەڕ درێژە دەکێشێ و کەش و هەوای عێراق لەمەی ئێستا و لە ئەفغانستانیش خراپتر دەبێت. کە لەم حالەتەشدا هەر تەنیا ئێرانە کەڵکی پێویستی لێ وەردەگرێ و بە کەڵک وەرگرتن لە بشێوی و نائەمنی نێو عێراق، بەدزی(ناردنی تروریستەکان) و بە ئاشکرا هێرش دەکاتە سەر کوردستان، هەم بۆ تۆڵە سەندنەوە لە ئامریکا و هەمیش بۆ لەناو بردنی هێزەسیاسییەکانی رۆژهەڵاتی نیشتەجێ لە کوردستانی باشور. بەم شێوە گەورەترین مەترسی بۆ سەر رژیمی ئیسلامی ئێران و تورکیا ، واتە کوردستانێکی سەربەخۆ،لانی کەم بۆ کورت خایەن نامێنێ و کوردستان دەبێتە جێگەی رمبازێنی نەیارانی کورد.

4 ـ نزیکترین قازانج کە ئێران لە هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستان دەستی دەکەوێ ئەوەیە کە بە راکێشانی سەرنجی دونیا بۆ لای هێرشەکەی خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرسی چەکی ناوکی ئێران دەچێتە خانەی دواتر و باسەکە کەمرەنگ دەکاتەوە،یان لەوانەیە بچێتە خانەی فەرامۆشیش.

ئەم تێبینیانەی سەرەوە و لێکدانەوەکانی کارناسانی سیاسی دونیا ،بە عام وا دەڵێت کە تورکەکان ئەم کارەیان زۆر گەوجانەیە و دەسکەوتێکی سیاسی یا ئابوری درێژخایەن یان کورتخایەنیشیان نابێت . چون لە قسەکانی جنراڵەکاندا وا دیارە مەبەستی ئەوان پ ک ک نیە و ئامانجیان لەم هێرشە گەیشتن بە بیرە نەوتەکانی کەرکوکە. ئیتر بیریان لەوە نەکردوەتەوە کە سەردەمی داگیرکردنی خاک و بەرین کردنەوەی وڵات بەسەر چووە وئەمڕۆ بە پێچەوانەی خەیاڵی خاوی ئەوان کات و سەدەی بچوککردنەوەی وڵاتانە ( بەتایبەت ئەوانەی کە فرە نەتەوەن) .بۆیە بەم کارەیان لە کورت خایەندا بە بۆنەی شەڕ و نا ئەمنی، باری ئابورییان کە بەستراوەتەوە بە تیجارەت و توریستەوە،توشی موشکلەی جدی دەبێت،لە درێژخایەنیشدا نەک قازانج نابینن بەڵکو ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان و جیا کردنەوەی کوردستانی باکوریش لە ژێردەسەڵاتی کەمالییەکان بەهێزتر دەکەن.

لە ئاکامی شیکرنەوەکاندا بەوە دەگەین کە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئیسلامیەکانی تورک لەدانیشتنەکانیان لە گەڵ رژیمی ئیسلامی ئێران کە یەکێ لە پشتیوانان و یارانی ئیسلامییەکانی تورکیە بوون و هەن . پێکەوە وەها پلانێکیان داڕشتبێت بۆ رزگاری ئێران لە هێرشی ئامریکا و داپۆشین و لەناوبردنی کێشە ناوخۆییەکانی بەردەم ئیسلامییەکانی تورک و لە هەمان کاتیشدا لاواز کردن و ئەگەر بشکرێت لەناوبردنی دەسەڵاتی ساوای کورد کە چەقڵی چاوی ئەوانە و تەحەمول و قبوڵی وەها دەسەڵاتێکیان لا پێناکرێت.

www.weilan.kurdblogger.com 28.10.2007